# 6/30

# ڕۆژی نارەزایەتی دەربرینی جەماوەریمانە بۆ لەکارخستنی "حکومەتی کاتی" وکردنەدەرەوەی هیزەداگیرکەرەکانی ئەمریکالەعیراق

لەژیر سایەی بریاری مەجلیسی ئەمندا، بریارە رۆژی 6/30 ئەمریکا بەناوی "گیرانەوەی سەروەری بۆعیراقیەکان" شەرعیەت بدات بە"حکومەتی کاتی" ئیستا، حکومەتیك کەبەرهەمی سیاسەتی برسیکردن و جەنگ و کاولکاری و کوشتارو ئەشکنجە ودارمانی بناغەکانی کۆمەلگای مەدەنی عیراقە ولەپشتیەوە عەسکەرتاریەت وداگیرکاری ئەمریکاو هاوپەیمانانی راوەستاوە.

ئەم حکومەتە راستەوخۆ لەبەرامبەر خواست و ئومیدەکانی خەلکی عیراقدایەو نەك هەرناتوانی وەلام بە نان و ئەمنیەت و ئازادی و داهاتوویەکی ئینسانی بداتەوە و کۆمەلگای عیراق لەسیناریۆی رەشی ئیستا دەرکیشی، بەلکو بۆ نەجات دانی پرۆژە سیاسیەکانی ئەمریکا لەشکست و جیخستنی یەکەم هەنگاوەکانی نیزامی نیویی جیهانی سەرەمایە دامەزراوە و رۆژەنە لەزەلکاوی جەنگ و کوشتاردا قوربانیەکانی خۆی لە منالان و ژنان و خەلکی کریکارو زەحمەتکیشی عیراق وەردەگری.

بەلام ئەوانە کین کەلەحکومەتی کاتی ئیستا کۆبوونەتەوە ؟ ئەحزاب و دەستە وتاقمی قومی و ئیسلامی عربی و کوردی کەبەدریژایی 12 سالی رابردوو تەئیدی سیاسەتی گەماروی ئابووری و جەنگ و کوشتاری خەلکی عیراقیانکردووە، سەروك عەشیرەت و پاشماوەکانی رژیمی بەعس و دەستەیەك لە بازرگانانی سیاسی کەنان لەخوینرشتن و کاولکاری دەخۆن و راستەخۆ مەئموری موخابەراتی ئەمریکان.. ئەمانە ئەو لایەنانەن کە بەناوی گیرانەوەی "سەروەری بۆعیراقییەکانەوە" بریارە شەرعیەت تیان پیبدری و لەدیموکراسیەکەی ئەمریکادا بەقانونی شەریعەتی ئیسلامی وهەویەتی قومی و دینی وتیرەگەریەوە ، ماف و ئازادیەکانی خەلکیان بکەویتە دەست. حکومەتیکی وا هیچ شەرعیەتیکی نیە و لەسەرو ئیرادەو ویستی خەلکی عیراقەوە داسەپیندراوە.

*– "حکومەتی کاتی" ئیستا دەبی بەخەبات و نارەزایەتی جەماوەری لەکار بخری، و حکومەتی نیونەرانی خەلك لەجیگەیدا دەسەلات بەدەستەوە بگری.

*– دەبی داگیرکاری ئەمریکا کۆتایی پیبیت و دەست بەجی هیزەکانی ئەمریکاوهاوپیمانانی لەعیراق بچنە دەرەوە و بەمجۆرەش خەلکیعیراق مافی بەدەستەوە گرتنی چارەنوسی خۆیان لەلایەن هەموو ناوەندەنیو دەولەتیەکانەوە بۆبەرەسمی بناسریت.

*– تەنها حکومەتیك کەلەنوینەرانی خەلك پیکهاتبی و ئیرادەی راستەوخۆی جەماوەری لەپشت سەر بی و لەکەنار بزوتنەوەی ئازادی خوازی و موتەمەدنی جیهان راوەستابی ، دەتوانی کۆمەلگای عیراق لەسیناریۆی ئیستا دەرکیشی و نان و ئەمنەیەت و ئازادی وسکولاریزم بەدی بهینی.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەریزی پیشەوەی خەبات و نارەزایەتی جەماوەری بۆلەکار خستنی حکومەتی کاتی ئیستاو کۆتایی هینان بە داگیرکاری وکردنە دەرەوەی هیزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی راوەستاوە وبەم هۆیەشەوە 6/30 وەك رۆژیك بۆ دەربرینی نارەزایەتی رادەگەیەنی و لە ولاتانی ئەورووپاو کەنەداو ئوستراليا پیکیت و ئاکسیۆنی نارەزایەتی لەنیوەندی شارەکان و لەبەردەم سەفارەتەکانی ئەمریکا بەری دەخات...

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق داوا لەئەحزاب و ریکخراوە کریکاری و چەپەکان و هەموو خەلکی ئازادیخواز و موتەمەدنی دنیا دەکات کە لەکەنار خەلکی عیراق و خواستەکانیان راوەستن و بەبەشداری لەم پیکت و ئاکسیۆنەنەدا، پشتیوانی بکەن.
پیکیت و ئاکسیۆنەکانی ئیمە لەرۆژانی 28 و 29 و 30 حوزەیران لە وولاتانی ئەورووپاو کەنەداو ئوستراليا دەست پیدەکات

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**ریکخراوی درەوە**

**2004/6/12**